Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.07 23:03:38 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# قەڵەمەکەی حەمە سەعید حەسەن دەشکێنم!

هەر کەسێک ئەم سەردێڕی نووسینەی بەرچاو بکەوێت ، دەڵێت دیسان بەزمی یەکتر کووتانەوەیە؟ بەڵام تاکە شتێک وای لێکردم کە ئەم چەند دێڕە بخەمە سەر کاغەز ، هەڵوێستی ئەو (هۆشمەند_٣ hoshmand_3 ) بوو، کە لە شەوی ٣/٢ی ٨ دا لە ژووری (ئێرە دەنگی کوردستانە_ پاڵتۆک)دا دەری بڕی و لەلایەن چەند خوێندەواری تری (ینک )ەوە سەپۆرت دەکرا .

من دیفاع لە کەسایەتی و بوونی حەمە سەعید ناکەم ، لە کاتێکدا هەجووی لەسەر منیش نووسیوە ، بەڵام ئەمە وام لێناکات کە لە بەرچاوم گوورگان خواردی بکەن و دەنگیش نەکەم، جا کێ بە ماستاویشی تێدەگات ، هەر با تێبگات ، نەمن ئەو دەناسم و نە ئەویش من دەناسێت ، هیچیشمان پێویستیمان بەیەکتر نییەو ڕەنگە خۆشیشمان بەیەکدا نەیات.

جا چونکە کۆڕەکە ، لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیران بوو، ئیتر پڕ بوو لە ڕۆشنبیری ڕەنگاوڕەنگ . دەبێت چی هەبێت وا لە مرۆڤ بکات شانازی بەوەوە بکات کە پێی بڵێیت ڕۆشنبیر ، ئاوا قەف قەف گەردن هەڵدات؟ تا لە کوردستان و عێراق بووین، هەرکەسێک شڕەخوێندەواریەکی هەبووایە،ئیتر ئەوە ڕۆشنبیر بوو، خۆ نەخوازە یەکێک کۆلێژ یان پەیمانگای تەواو بکردایە ئەوا فوول عەیار ڕۆشنبیر بوو. ئێستاش لەژێر سایەی تەکنەلۆجیاو ئینتەرنێتدا ، هەرکەسێک توانای دابینکردنی کۆمپیتەرێکی هەبێت ئەوا ئیتر گەزافی ئەوە دەڕێسێت کە ڕۆشنبیرە؟ پاڵتۆک وەکو چایخانەیەکی لێ هاتووە، هەموو کەس چای خۆی دەخواتەوەو باوێشکی خۆی لێدەدات و گەز گەزیش لاف هەڵدەڕێژێت، کار بەوە گەیشتووە کە ئەگەر کۆڕێکی مەعقول نەبێت مرۆڤ جورئەت نەکات بە ناوی خۆیەوە بڕوات ، چونکە هەست بە کەمبوونی خۆت دەکەیت ، کە ئەمەش مافی ڕەوای هەموو کەسێکە .

لای من هەرچەندە ، ڕۆشنبیر پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، ئاوهاش بیری جیاواز جیاوازیان هەیەو هەرکەسەو سەرەنجام لە پاپیلێکی چینایەتیدا دەگیرسێتەوەو دەربڕی بزووتنەوەیەکی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵایەتییە.ئەگەر وانییە خۆ حیزبی بەعسیش بە دەیان هەزار قەڵەم بەدەست و ڕۆشنبیری لە کێڵگەی ڕۆژنامەگەری و نووسیندا دەڕەتان ، زۆربەشیان بە ئارەزووی خۆیان بوو ، هەندێکیشیان بەرهەمەکانیان دەفرۆشت. بەهەمان شێوەش لە کوردستانیش هەر حیزبەو هەزاران ڕۆشنبیری خۆی هەیە، لە گشتدا هەر جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە، جیا لە ڕۆشنبیری لیبراڵ و سەربەخۆ و بێ لایەن و ....چی و چیتر.

جا بەڵاکە لێرەدایە کە نۆلێج (knowledge_ مەعریفە) ت ، سفر بێت و دەمیش لە هەموو شتێک بژەنیت . کاک هۆشمەند( کە دیارە نازناوەکەیەتی ) لە هێرشکردنە سەر حەمەسەعیددا بەم دەقە گووتی ( جا ئەگەر ئەو قەڵەمی هەیە ، ئەوا منیش دەستم هەیە و چەکم هەیە و قەڵەمەکەشی دەشکێنم ). بەڵێ ئائەمانە نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانەن کە لە ئەورووپاشدا پێیان بکرێت خەڵک تێرۆر دەکەن. ئەو قسەیەی کاکی هۆشدار جگە لە هەڕەشەیەکی عەنتەریانەی پیاوێکی قارەمان و لەهەمان کاتیشدا ترسنۆکێکی شەرقی زیاتر هیچی تر نییە. من بەرگری لە ناخ و بۆچوونەکانی (ح.س.ح) ناکەم ، بەڵام ئەو مافەشی هەیە چۆن و چی پێ خۆشە لەڕەخنەی سیاسی و ئەدەبی لە

هەرکەس و لە هەرلایەنێکی بگرێت. ڕاستە (ح.س.ح) ، زیاتر ڕووی ڕەخنەکانی لە چەند کەسێکی ناو یەکێتییەو بە تایبەتیش هەندێک لە سەرانی گەورەیان ، بەڵام خۆ فایلی ئەو زاتانەش لە دیل کوشتن زیاتر چی تری تێدایە.

بەڵی لەکاتێکدا ( ح.س.ح) لە ئاست کارەساتێکی خیانەتکارانەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ٣١ ی ئابدا بە وەجاخ کوێربوونی بارزانی ئیکتیفا دەکات ، بەڵام دەیان نووسین لە سەر کەسێکی ناو یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان دەنووسێت کە بەئەندازەی پریاسکەیەک شڕەخۆری کردبێت ، ئەم ڕەخنانەی پێ گوتراوەو ئەویش گووتویەتی من شارەزاییم لە دەڤەری سلێمانی و ناو ینک دا زیاتر هەیە تا لە ناو پارتی و ماڵی بارزانی و حیزبەکانی تر. ڕاستە کابرایەکی سەرکێشەو ڕەخنە لە دارو بەرد دەگرێت ، بەڵام خۆ مافی هەرکەسێکە چی دەڵێت و چی دەنووسێت ، کەچی کاک هۆشمەند ئەوەشی پێ ڕەوا نابینێت.

گیروگرفتی دونیای سیاسەتی کورد ئەوەیە ، تا ئێستاش نابێت ڕەخنە لە سیاسەتی سەراپا چەوتی سەرکردایەتی سیاسی ئەم حیزبە کوردیانە بگیرێت ، عبداللە ئۆجەلان و بارزانی و مام جەلال....هتد کەسانێکن لە سەروو ڕەخنەوەن و هەرکەسێک ڕەخنەیان لێ بگرێت ، ئەوا سوکایەتییە، من پێم وایە تا ڕەخنەی جدی و ڕیشەیی بە ئاشکراو بەزەقی لە ڕۆڵی خراپی هەریەک لە حیزبە حاکمەکانی کوردستان و ڕۆشنبیرەکانیان نەگیرێت بە شێوەیەکی بەردەوام ، نەک گالیسکەی ئەوەی کە پێی دەڵێن دیموکراسی یەک پێچیش نابڕێت ، بەڵکو لە جێگەی خۆیدا کەڕووش هەڵدێنێت، نزیکترین نموونەی ئەو دیمۆکراسیە گەڕوگوولە بێ ناوەڕۆکەی کوردستانیش ، قەدەغەکردنی حککع لە گێڕانی پرسەوماتەمی بۆ ڕابەرەکەیانە ،کە دەرگای هۆڵی میدیایان لە هەولێر لێ کڵۆم دەکرێت پێش ئەوەی کە مەراسیمەکەیان دەست پێ بکەن لە ئێوارەی ٢ـ٨ دا.

کاتێک سەیری وڵاتانی تر دەکەیت ، چ قەشمەری و گاڵتەجاڕیەک بە سەرکردەکانی خۆیان دەکەن، هەست دەکەیت ئەم سەرکردانەی ینک و پدک و حیزبەکانی تر چەند قەزەمن لە ئاست ڕەخنەو ئازادی ڕۆژنامەگەریدا. بەڵێ من سەرەڕای هەموو خراپییەکی (ح.س.ح) ، کە دیارە خراپەش ڕێژەییە( بە واتایەکی تر باشەشی زۆرە و من خۆم پێم وایە ئەدەبی کوردی و ڕۆژنامەگەری کوردی سەدان هەجووبازی وەکو ئەوی دەوێت ) بە توندی دەوەستمەوە لە ئاست کەمپەینی ژەنگاوی ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی کە نەیارەکانیان بە بازوو تەمبێ دەکەن و بە قوڕمیشی حیزبەکانیان شەڕەقۆچ( شۆق) دەکەن بۆ نمایشی باڵادەستی عەنتەریات لە پاڵتۆک و سایتەکاندا . لە شوێنانی تر هەجووبازان وەکو باند فشار دەکەنە سەر دەوڵەت و میدیا و ڕێچکەکانیان ، کەچی لای ڕۆشنبیرە ئەوروپا نشینەکانی ئێمە فەتوای تێرۆرکردنی حسح و هاوشێوەکانی دەدرێت ،بیانووش بۆ ئەوە لاقەی کۆشکی ئەفسووناوی پڕ لە سەروەری سەرکردەکان دەکەن .

خەتاب سابیر
Khatabs@hotmail.com
٤ـ٨ـ٢٠٠٢